

# کیبۆردێکی سەرنج راکێش بۆ یاری ئەلکترۆنی

لە کۆمپیوتەردا کیبۆرد گرنگی خۆی هەیە، بەبێ کیبۆرد ئەرك و کارەکانی ئەنجام نادرێن، یان کۆمپیوتەر وەك ئۆتۆمبیلێکی بێ سوکان دەچێت و فەرمانی کۆمپیوتەر کیبۆردەکەیەتی.

بەهێزترین کیبۆردەکان بۆ کاری نەخشەسازی و گرافیك و یاری ئەلکترۆنی بەرهەم دێن، چونکە دەبێ دوگمەکان پتەوبن، زوو تێکنەچن، مەودای کارکردنیان درێژخایەن بێت.

بەم دواییە کیبۆردێکی بێ وایەر لەلایەن (کۆلێر مستەر)ەوە بەرهەم هاتووە. کیبۆردەکە بە جۆری SK621 ناسراوە.

دیزاین و ستایلی کیبۆردەکە سەرنج راکێشە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە شەودا کاری پێدەکەن، چونکە گشت دوگمەکان گلۆپی تایبەتی خۆیان هەیە. لەسەر کیبۆردەکە ٦٥ دوگمە هەن. کیبۆردەکە وایەرلەیسە و شەحن دەکرێتەوە، هەرکاتێك شەحنی فوول دەبێت دەکرێت ١٤ کاتژمێری بەردەوام کاری پێبکرێت ئەگەر گلۆپەکانی دابگیرسێن، بەڵام ئەگەر گلۆپەکانی هەڵنەکرێن هەتا چوار مانگ شەحنی دانابەزێت.

بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی رەنگی رووناکی گلۆپەکان بەهۆی پرۆگرامێك کەلەسەر کۆمپیوتەرەکە هەیە بگۆڕێت.




# گۆگڵ شاشە زیرەکەکەی خۆی خستەڕوو

گۆگڵ ئەرك و کارەکانی هەر بە سایت و خزمەتگوزارییەکانەوە نەبەستۆتەوە، چەند ساڵێکە خەریکی بەرهەمهێنانی ئامێری وەك لاپتۆپ، مۆبایل، تەبلێت و کامێرا...تادە. لەم رۆژانەشدا شاشەی زیرەکی خۆی کە بە Nest Hub Max ناسراوە خستەڕوو.

شاشەی ناوبراو هێندێك لە «گوگڵ هۆم هاپ» کە پارەکە بەرهەمی هێنا گەورەترە، ئەم شاشەیە دە ئینجە و لەمسییە. کامێرایەکی ٦ میگاپیسکلی لەسەرە کە ئەرکەکان ئاسانتر دەکا، سپیکەری بەهێز، مایکی دوور مەودا، هەستەوەر رووناکی، بەشێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی شاشەکەن.

وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، کامێراکە ئەرکەکان ئاسانتر دەکاتەوە و دەتوانرێت وەك ریمۆت کۆنترۆڵ سوودی لێوەربگیرێت، چونکە هێماکانی دەست دەناسێت، بۆ نموونە دەست بۆ لای چەپ بسوڕینی گۆرانی دەگۆڕێت، یان بۆ سەرەوەی بەری فایلە ڤیدیۆییەکە دەوەستێت.

بەکارهێنەر کاتێك شاشەکە لە پێش خۆی رادەگرێت، دەستبەجێ زانیاری تایبەت بەخۆی نیشان دەدات، بۆ ئەوەی کە پێی رابگەیەنێ تۆ ئەو کەسەی کە ئێستا زانیاریەکەم خستەڕوو؟ شاشەی ناوبراو لە داهاتوودا لە زۆر بواردا سوودی لێوەردەگیرێت و دەکرێت لەگەڵ مۆبایل یا تەبلێت و کۆمپیوتەر پەیوەند بدرێت.



# سپلێت لە پەنجەکانتدا

گەرمای هاوین دێت و برستت لێدەبڕێ، ڕەنگە بتوانی لە ژوورەوە ئەگەر کارەبا هەبێت چارەیەك لەخۆت بکەی و کێشەت نەبێ، بەڵام ئەگەر لە دەرەوە بی چ دەکەی؟

پسپۆرانی بواری تەکنەلۆژی زانکۆی MIT ئامێرێکیان داهێناوە، کە وەك کاتژمێر لە دەست دەکرێ و بەهۆی ئەو شەپۆلانەی لە ئامێرەکەوە دێنە دەر و بەکارهێنەر دەتوانێ وا بکات هەست بە گەرما یان سەرما بکات.

ئامێرەکە بە Embr Wave ناسراوە، شێوەکەی وەك کاتژمێرە بەڵام هیچ هێما و دوگمەیەکی لەسەر نییە، تەنیا شاشەیەکی بچووکی هەیە کە دوو ڕەنگی شین و پەمەیی نیشان دەدا، بەکارهێنەر ئەگەر پەنجە بۆ ماوەی پێنج چرکە لەسەر هێمای شین دابنێ، هەست بە سەرما دەکات و ئەگەر لەبەر هەتاویش بێت وا دەزانێت لە چیایە، ئەگەر لەسەر ڕەنگی پەمەییش دابنێت ئەوکات هەست بە گەرمایی دەکات، تەنانەت ئەگەر لە چیاش بێ.

بەکارهێنەر بەویستی خۆی دەتوانێت پێوانی گەرما و سەرماکە دیاری بکات، واتە وا بکات کە هەست بە سەرمایەکی پلە ١٨ بکات، یان گەرمایەکی دیاریکراو، ئامێرەکە هەتا ئێستا وەك بیرۆکە بەرهەم هاتووە، هێشتا گشتگیر نەبووە و بڵاونەکراوەتەوە.

# بەفرگرێک بە وزەی خۆر کار دەکات

بەرە بەرە وەرزی هاوین دێت، لە مارکێت و سوپەر مارکێتەکان بەفرگرەکان کێشەیان نییە، چونکە کارەبا هەیە و دەتوانی هەرکاتێك حەز بکەی ساردییەکی سارد بخۆیەوە، بەڵام لە دەرەوە، بەتایبەت لە ڕێگاوبانەکان ئەوانەی کە ئاوی سارد و ساردەمەنی دەفرۆشن دەبێت تەپەدۆرێك دابنێن و قاڵبە سەهۆڵێکی تێبخەن.

بەفرگری جۆری Gosun بۆ کارکردنی پێویستی بە کارەبا نییە و بە وزەی خۆر کار دەکات، سێ پەڕەی وەرگری تیشکی خۆری لەسەرە کە نەتەنیا وزە بۆ بەفرگرەکە بەڵکو بۆ ئامێرەکانی وەك مۆبایل و تەبلێت و لاپتۆپیش دابین دەکات.



پەڕەکان وزەی خۆر بۆ پاوەربانکێکی ١٤٤ واتی دەگوازنەوە، دەکرێت پاوەرە بانکەکە لە بەفرگرەکەش بکرێتەوە و ئامێرەکانی دیکەی پێ شەحن بکەیەوە.

بۆ گواستنەوەی بەفرگرەکە ئاسانکاری بۆ کراوە و چونکە تایەی هەیە و بەئاسانی دەگوازرێتەوە.

بەفرگرەکە لەژێر سفرەوە هەتا ٢٠ پلەی سەرووی سفر دەتوانرێ دابندرێ.


# فلاش میمۆرییەک بۆ نیشاندانی گشت تیڤیەکان

ئامێرەکانی تایبەت بە نیشاندانی تەلەڤزیۆن لە ڕێگای هێڵی ئینتەرنێتەوە گەلێك زۆرن، یەکێك لەو ئامێرانە Fire TV Stick کە بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێت، ئامێرێك شوێنگرەوەی رسیوڤێر دەگرێتەوە و چەند هەنگاوێکیش لە پێشترە..

ئامێرەکە شوێنی زۆر ناگرێت، بە ریمۆت کۆنترۆڵی تایبەت بەخۆی کۆنترۆڵ دەکرێت، لەم ئامێرەدا دەیان هەزار کەناڵ هەیە، جگە لەکەناڵ پرۆگرامی تایبەت هەیە و هەروەها ئینتەرنێت دەکاتەوە و بە ئاسانی دەتوانی یوتیوب و فەیسبوك بکەیەوە.

دەنگێکی تایبەتی هەیە، جگە لەوەش دەکرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بەردەوام کەش و هەوا نیشان بدات. لە سایتی تایبەت بە گۆرانیشدا دەتوانی گوێ لە هەزاران گۆرانی بگری. زیاتر لە نیو ملیۆن وفیلم و درامای تێدایە کە هەرکاتێك ویستت بەبێ بەرامبەر دەتوانی سەیریان بکەی.





# ڕۆبۆتی نیگارکێش

زانایانی بواری تەکنەلۆژی مەترسی هەڕەشەی ڕۆبۆتەکان لە داهاتوودا دەخەنەڕوو، ڕایدەگەیەنن وای بەو ڕۆژەی کە ڕۆبۆتەکان زیرەك بن و لە کۆنترۆڵ دەرچن، ئەوکات کارەسات ڕوو دەدا، چەندین فیلمیش لەسەر جیهانی ڕۆبۆتەکان بەرهەم هاتووە.

ڕۆبۆتەکان هەتا ئێستا سوودیان هەبووە تاکو زیان، هەموو کارێکی مرۆڤ دەکەن بەبێ وچان و بێ موچە و بێ پرتە و بۆڵە! لە کارگەکان، لە چێشتخانەکان، لە فڕۆکەخانەکان بەگشتی لەو شوێنانەی کە پێویست بەوە دەکات مرۆڤ کاری لێبکات و تەنانەت وەك هاودەم و هاوکاری ماڵەوەش!

لەم ڕۆژانە کێژێکی داهێنەر ڕۆبۆتی جۆری Wa-terColorBot بۆ منداڵان بەرهەم هێناوە، ڕۆبۆتەکە زۆر بچوکە و لە پارچە تەختەیەك و چەند ئامێری بچووك پێکهاتووە، ئەرکی ڕۆبۆتەکە ئەوەیە کە وێنە بکێشێتەوە، ئەوەی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر یان مۆبایل بێت بە فڵچە یان قەڵەمی تایبەت بە نیگارکێشان بیکێشتەوە، ڕەنگەکان بەهۆی هەستەوەرێك کە تێیدایە دەناسێ و فڵچە دەخاتە ئەو ڕەنگەی پێویستە، یان ئەو قەڵەمە هەڵدەگرێت کە بۆ نیگارەکە بەکار دێت. ڕۆبۆتەکە زۆرتر بۆ جیهانی منداڵانە و دەتوانن ئەوان زیاتر لێی سوودمەند بن.



## شەحنکەرەوەیەکی وایەرلەیس دە جار خێراتر

شەحنکەرەوەی وایەرلەیسی مۆبایل، زۆر ئەرك لە کۆڵ دەکاتەوە، بۆ نموونە نەگونجانی کێبڵی شەحنکردنەوە و سەرە کێبڵ و زۆر شتی دیکە. کێشەیەك لە شەحنکەرەوە وایەلەیسەکاندا هەیە گشتگیر نین و بۆ هەموو مۆبایلێك نابن. دەبێ خودی مۆبایلەکەش ئەو سیستەمەی تێدا بێت.

شەحنکەرەوەی بێ وایەری جۆری PLE-SON خێرایە، دە جار خێراتر لە شەحنکەرەوە بێ وایەرەکان، مۆبایلەکانی گەلەکسی S7 بەرەو سەرتر دەبێت، هەروەها بۆ ئایفۆنی ٨ بەرەو سەرتر دەگونجێت.

دیزاین و ستایلی شەحنکەرەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە، دەکرێت مۆبایلەکان چ بە شێوەی ستوونی یان ئاسۆیی لەسەری دابندرێت، تایبەتمەندییەکی شەحنکەرەوە ئەگەر هاتوو مۆبایلەکە پڕبۆوە خۆی شەحنەکەی ڕادەگرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەتوانم فایل و وێنەکان لە مۆبایلەکەمدا بشارمەوە یا قفڵیان لێبدەم؟**

خوێنەری بەڕێز شاردنەوە و کۆد دانان لەسەر وێنە و فایلەکان لە مۆبایلە زیرەکەکاندا زۆر ئاسانە، هەم لە ڕێگای خودی مۆبایلەکەوە ئەنجام دەدرێت و هەم بەهۆی پرۆگرامی تایبەت بەم ئەرکە دەتوانی ئەنجامی بدەی.

لە مۆبایلەکەتدا ئەگەر سامسۆنگ و هاوشێوەکانی بن، پاش دیاری کردنی وێنە و فیلم لە بەشی گالێریدا مینۆ لێبدە و لەودا بەشێك هەیە بەناوی Move to Secure Folder و ئەم بەشە دابگرە وکۆدێکی تایبەت لەسەر فۆلدەرەکە دابنێ و هەتا ئەو کۆدە لێنەدەی ئەم وێنە و ڤیدیۆیانە نابنەوە.

لەمۆبایلەکانی هواوی و هاوشێوەکانیدا، پاش کردنەوەی گالێری و دیاریکردنی ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی کە مەبەستتە بیشاریەوە لە بەشی مینۆدا ئەمە هەڵبژێرە Move to Safe و دواتر کۆدێك دابنێ و هەتا ئەم کۆدە لێنەدرێ فایلەکان نابنەوە.

بەڵام باشترین ڕێگا ئەوەیە کە پرۆگرامی File Hide Expert لەسەر مۆبایلەکەت دابنێ و بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی فایل و وێنە و ڤیدیۆکانت بشارەوە..



# ئامێرێکی ماوس شێوە لە خزمەت نابینایاندا

نابینایان دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن، بەڵام تەنیا بەو خەتەی کە تایبەتە بەخۆیان کە بە خەتی برێل ناسراوە. ئەگەر کتێبێك بەشێوەی برێل نەنووسرێت کە پێکهاتووە لە خاڵ و نابینا دەبێت پەنجەی پێدابێنێ ناتوانن بیخوێننەوە، بۆیە ناتوانن سوود لە لاپەڕەکانی ئینتەرنێت وەربگرن.

سێ ئەندازیاری بەریتانی پێکەوە ئامێرێکی بچووکیان کە وەك ماوسێك دەچێت بەرهەم هێناوە، کە بە Bonocle ناسراوە. ئامێرەکە ناوەرۆکی ماڵپەڕەکان بۆ نابیناکان دەکاتە خەتی برێل.

ئەو ئامێرە بچووکە یارمەتی نابینایان دەدات نە تەنیا ماڵپەڕەکان بەڵکو ئیمێلەکانیشیان بخوێننەوە.

هەرچەندە بەر لەو ئامێرەش، ئامێری دیکە کە هەمان ئەرك ئەنجام دەدەن بەرهەم هاتوون، بەڵام ئەوان هەم گران بوون و هەم هەڵگرتنیان ئاسان نەبووە. بەکارهێنانی زۆر ئاسانە، بەکارهێنەر دەبێت ئامێرەکە لە چەپەوە بۆ لای راست بجوڵێنێ یان لەسەر شێوەی ئۆتۆماتیکی داینبێ ئەوکات بۆخۆی دەچێتەوە سەردێڕەکان. بە داگرتنی دوگمەیەك دەکرێت دێڕێك یا پەرەگرافێك و تەنانەت لاپەڕەیەکیش باز بدات. ئامێرەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ کۆمپیوتەر یا مۆبایل پەیوەند دەدرێت.



## ماڵپەڕێک بۆ نووسینی خەتی بزماری

بابلیەکان خاوەن شارستانییەتییەکی دیرێنن کە لە عێراقی ئەمڕۆ لە نێوان ناوچەکانی دیجلە و فورات دا دەژیان، ئەوان بە بەراورد بە سەردەمی خۆیان شارستانییەتییەکی پێشکەوتوو بوون، بەتایبەت لە بواری کشتوکاڵی و ئاودێریدا..

بابلیەکان خوێندن و نووسینیان دەزانی و بە جۆرە خەتێك دەیان نووسی کە بە خەتی بزماری ناسراوە و چونکە پیتەکانیان لە شێوەی بزمار دەچوون.. حەموڕابی پاشای ئەم وڵاتە یاسا بەناوبانگەکەی بەم خەتە نووسیوە.

ئەگەر ئێستاکە بتەوێ هەر شتێك بە خەتی بزماری بنوسی و بزانی خەتەکە چۆن بووە دەتوانی سەر لەو ماڵپەڕە paleoaliens.com/event/babylonian/ بدەی.. لەم ماڵپەڕەدا ئەوەی مەبەستتە بینووسە و تا بیکات بە خەتی بزماری...

# ئالفا کاتژمێرێکی هۆشمەندی جیاواز

کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایلە زیرەکان، هەوڵ دەدەن لە داهاتوویەکی نزیکدا مۆبایلی زیرەکی چەماوە و لوولدراو بەرهەم بێنن، شاشەکانیان بەجۆرێك بێت کە وەك کاغەز قەد بکرێن و بنوشتێنەوە! ئەی ئەگەر لەبری نووشتانەوەی شاشەکە بکرێت مۆبایلێکی زیرەك وەك کاتژمێر لەدەست بکرێت.. هەوڵی وا هەبووە و سەرکەوتووش بووە..

کاتژمێرە زیرەکان کاری مۆبایلە هۆشمەندەکان دەکەن، بەڵام هەمیشە هەست بەوە دەکرێ کە کاتژمێرە و لە دەستت دایە و مۆبایل نییە.

کاتژمێری زیرەکی جۆری nubia Alpha ئەوەیان مۆبایلێکە و لە دەست دەکرێت. شاشەکەی ٤ ئینجە لە جۆری OLED و بچووك و گەورە دەبێتەوە. عەقڵ یا زەینی کاتژمێرەکە لە جۆری (ستنیدراگۆن ڤێر ٢١٠٠)ە میمۆرییەکیە یەك گیگابایتە و رامەکەی ٨ هەیە، بەبەراورد بە مۆبایلە هۆشمەندەکان کەمە، بەڵام بە بەراورد بە کاتژمێرە زیرەکەکان باشتر و بەهێزترە. باترییەکەی تا دوو رۆژ پێویستی بە شەحن نییە. سیم کارت ناخوات بەڵکو سیستەمی eSIM دەخوێنێتەوە. سیستەمی 4GLTEی لەسەرە. کامێراکەی ٥ میگاپیکسەلە. بۆ زانیاری زیاتر جۆرێکی ئەم کاتژمێرە لە زێڕی ١٨ عەیار دروست کراوە و بۆ خواپێداوەکانە! وەك هەموو کاتژمێرێکی زیرەکی دیکە، ئەرکی چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەی وەك پێوانی ڕێگا، ڕێژەی سووتانی کالۆری، چۆنییەتی خەوتن و لێدان دڵ...تاد دەکات.

